www.kurdistannet.org
29-10-2006 7:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەو کەرەی نەی هێشت دەست درێژی سێکسی بکرێتە سەر... رزگار کۆچەر

ئەوان چوار دەوریان گرتبوو پشتە زامدارەکەیان بە قامجیەکانی دەستیان دەکولاندەوە، ئەو دەی ویست لە ژێر رەحمەتی مرۆڤ چوار پلە کات و را بکات تا ئەتك نەکرێت.
ئەوان مرۆڤ بوون دوو قاچ و دوو دەست و دوو چاویان هەبوو، ئەویش گوی درێژێك بوو گوێچکەکانی بەسەر چاوانی هاتبونە خواری ئەو چرکەیە حەزی نەدەکرد گویی لەپسەپسی ئینسانەکان بێت ئەو وای دەزانی ئەوان بە چەند بەلکە شوتێك یان بە برێك جۆ ورگی خالی دەهاوسێنن...
ئەوان کەر گا... لایان کلتورێکی کۆنی باب و باپیرانیان بوو شەرمیان نەدەکرد بەڵکو دەیان گوت ئەوەی کەر نە گ.... هەر پیاو نیە کەرە بەستە زمانەکەش چوار پەلی بەسترابۆوە قامجیە بی بەزیەکەش لە دەست جەلادەکان چاوەریی فەرمانی دەکرد، ئەوان ئەو کاتە شەرم لایان قێزەونترین وشەی ناو قاموسەکان بوو بۆیە ئەوان ئارەقەیان نەدەکرد...
کە چوار دەورین دای لیکاوی شهوتی مرۆڤەکانی سەردەم و داواکارانی عیلم عیرفان دەستیان لێك دەدا چەپلەیان لیدەدا ئای بەس ئەم جرکەیە گەر گویجگەت بۆ شل دەکردن ئینجا دەت زانی ئەوان چەندە تامەزرۆی جیماحن...
و پێکەنینی گرتنی نێجیرك تەواوی ئەو شوێنەی هەرەسان کردبوو ئەوان وایان دەزانی هۆلیا ئەفشەرو نانسی عەجرەم لە هۆڵە رەنگاو رەنگەکانی هۆتێلە پێنج نەجمەکانی دیمەشق لوبنان باوەشیان بۆ دەکاتەوە... ئاخر لێیان مەگرە دۆخینی کلبجەی ورگ و قاجە کراوەکانی ئەوان لە قەومی ئێوە زیاتر بۆ هێج کەسێك نەکراوەتەوە دەنا حیکمەتی ئەوە لە جیە کە دەڵێن ئەوەی (کەر... هەر پیاو نیە) جا دەزانم تۆش گەر زمانی شاید دان و رووبەرووبونەی دوا ساتەکانی لێك حاڵی بوونت بزانیا ئیمرۆ نەدەبوویتە نیجیری مرۆڤە ئەندیشە شێتەکاتنی رۆژگار..
کە کلپچەی قاجەکانیان کردیت ئەوان دەستیان لێك دەدا... وایان دەزانی وەك هەموو جاران خۆت بی دەنگ دەکەیت و حیکمەتە سقەتکانی باو باپیران ئەم جارەش بە ئاسانی دەبێتە دەرسێکی نویی نەوەکانیان... ئەوان لە خەیالیان بوو دەست خۆشە لە باوکیان وەردەگرن میدالیای شەرفی کەر گا..
ئەم جارەش بەر ئەوان دەکەوێت.. کە لە ژورە تارکەکەیان کردی ئەوی دەیان ویست لە ژێر سقفی خانوە تازە دروست کراوەکانی دەستی مرۆڤ ئازدیت لی زوت بکەن ئاخر لای ئەوان تەنها ئەو چرکەیە ئەوان زالم وتۆش مەزلوم.......
ئاخر پەردەی شەرف ونائەخلاق بوون لە مرۆڤە ناکامیلەکان زیاتر کەس نایان بەزێنێت جا تۆش کە قبولت نەکردوو و لوشکەی قاجە کەلپچە کراوەت روەو ماسکە درۆزنەکەی بەنی ئادەم کرد بە قەمالی دەمە پر لە قسەکت دەست و پەنجەی تاوانت تێك هەڵکیشی خوێن کرد ئیسپات کرد گەر مرۆڤ زۆر جار میدالیای شەرف لە دەست دات ئەوا هەندێك جار ئاژلیش قبولی دەست درێژیکردنە سەر شەرف و ناموس قبول ناکات.
تیبینی / لە شارۆجکەیەکی نزیك هەولیر چەند بەناو مرۆڤیك دەیان ویست دەست دریژی سیکسی بکەنەسەر کەریك ئەویش تا دوا ساتەکان بەرگری کردوو خۆی تەسلیمی ئەوان نەکرد دوو لەوانەی زامدار کرد و خۆی لە ژێر دەستیان رزگار کرد...